---

## لیژنەی راگەیاندنی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

**دکتۆر کەمال میراودەلی** **کاندیدی ژمارە 15**

# راگەیەندراوی یەکەم

کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی هەرێمی کوردستان، دکتۆر کەمال میراودەلی بەڵێن دەدات کە سەرکردایەتییەکی نوێ لەرووی دەستوورییو یاساییو دیموکراسیو دادپەروەری پێشکەش بکات، سەرکردایەتییەك کە دووربێت لە حیزبایەتیو چینایەتیو ناوچەگەریو عەشیرەتگەریو ئایدۆلۆجیو میراتی خوێنو چەکو براکوژیو گەندەڵیو هەموو ئەو هۆکارە ناسازو بەرژەوەندیکردانەی کەبەناهەقو ناڕەوا گەلەکەمان دابەشدەکەنو پێکناحەز دەکەن.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، وەك هەنگاوی یەکەمی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم، دکتۆر کەمال میراودەلی دروشمی هەڵمەتەکەی راگەیاند کە بریتییە لە (سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان) ئامانجەکانیشی لە (دەسەڵاتی دیموکراتی دەستووریی، دادپەروەریو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو بنەبڕکردنی گەندەڵیی)دا چڕکردەوە.

دکتۆر کەمال میراودەلی ئەوەی دووپاتکردەوە "نمونەی سەرکردایەتییەکی نوێ دروستدەکات کە سەرەتایەك بێت بۆ کوردستانو بیری چاکو وتاری چاکو کرداری چاك بکاتە مەشخەڵی رێگاو پێوانەی هەڵسەنگاندن".

سەبارەت بە مەینەتییەکانی گەلی کوردستان دکتۆر کەمال میراودەلی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (ژمارە 15) ئاماژەی بەوەدا کە هەژدەساڵە دەسەڵات لەرێگەی جەنگی ناوخۆی بەناهەقو تاڵانی سەروەتو سامانی گەلو گەندەڵیو شێواندنی بەهاکانمانو کوشتنی خەونەکانتانو کپکردنو کڕینی ئیرادەی گەل خۆی هێشتۆتەوەو وتی "من دەمەوێت ئەو ئیرادە ئینسانیو نەتەوەییە ئازادبکەمو بیکەمە هێزێکی بەکار بۆ باوەڕبەخۆبوون، بۆ هیوابوون بە پاشەڕۆژ، بۆ بیرکردنەوەی ئازادو داهێنەرانە، بۆ خۆشەویستی یەکتر، بۆ چاکسازی بۆ گۆڕان بۆ دروستبوونی مرۆڤی کوردی هۆشیارو تاکی دیموکراتی خواز".

---

هەروەها لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە هەژدەساڵە عەقڵی شاخو دەسەلاتی بێدەستوور، بێسەروەری یاسا، بێ دەرفەتی یەکسانو دادپەروەریی، بێ لێپرسینەوەو چاکسازیی، بەبێ بوونی ئۆپۆزیسیۆنو دەوری پەرلەمان، بێ گوێگرتن لە رەخنەو ئامۆژگاری میدیای ئازادو هاوارو دادی بێوچانی خەڵك، وایکردووە لەلایەکەوە دەرفەتی ژیانی ئازادو پێشکەوتنی شارستانیو تەکنەلۆجی لەدەستبدەینو لەلایەکی تریشەوە هەستی هاوبوویی (ئینتیمای) نیشتمانیو تەنانەت کۆمەڵییو ئینسانیش لای مرۆڤی کورد بکوژرێتو هەستی هەڵهاتنو غوربەت، یان بێهیواییو رەشۆکی لای گەنجەکانمان بەتایبەتیو مرۆڤی کورد بەگشتی جێبگرێتەوە.

لە کۆتایی وتەکەیدا دکتۆر کەمال میراودەلی وتی "من دەمەوێت بە پشتیوانی خودای مەزنو بەپشتگیری میللەتو پێشکەشکردنی نمونەی سەرکردایەتییەکی ئینسانیو دیموکراتی عەدالەت خوازو ژیرو رۆشنبیرو باوەڕ بەخۆبوو، هەستی خۆشەویستیو هاوبوویی (ئینتیما)و هاوخەباتی بۆ گەلەکەمان بگێڕمەوەو هەمووان بەیەکەوە، گەلو حیزبو حکومەت، کۆمەڵو تاك:

- دەستور بکەینە رێبەر
- یاسا بکەینە سەروەر
- دیموکراسی بکەینە رێبازو ئامراز
- عەدالەتو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەینە ئامانج
- هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی ئازادیی، مافی مرۆڤ، دیموکراتیبوون، میدیای ئازاد، دەرفەتی یەکسانی کارو بەختەوەریو پێشکەوتنو زانستو تەکنەلۆجیو پەروەردەو پێگەیاندن، داهێنانو دامەزرانو خۆدروستکردنو خزمەتکردن، بۆ هەموو رۆڵەکانمان کچو کوڕ، لەئەمڕۆو ئایندەدا بکەینەوە.

دواتر کەناڵەکانی راگەیاندنو رۆژنامەوانانی گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆنو گۆڤارو ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت پرسیارەکانیان سەبارەت بەدەستورو دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێمو شەفافیەت لە بودجەدا...هتد ئاراستەکردو لەلایەن دکتۆر کەمال میراودەی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە وەلام درانەوە.

---

کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە ڕۆژی شەممە (2009/6/20) کاتژمێر 4ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی ئوتێل پەرێز لە سلێمانی ئەنجامدراو زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراوو خوێندراو) ئامادەبوونو لە کاتژمێر 5 کۆتایی هات.

لیژنەی ڕاگەیاندنی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

2009/6/20